کارەبای عێراق چەند پرۆژەیەکی کارەبا بە وەرزی هاوین جێبەجێدەکات

وەزارەتی کارەبای عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، چەند پرۆژەیەکی کارەبا بە وەرزی هاوین جێبەجێدەکات.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، زیاد عەلی فازل وەزیری کارەبای عێراق رایگەیاند، لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی وەزارەتی کارەبا و حکومەتی عێراق بە وەرزی هاوین، چەند پڕۆژەیەکی تایبەت بە کەرتی کارەبا جێبەجێدەکرێت و جێخت لە ئەنجامدانیان دەکەینەوە پێش کۆتاییهاتنی ماوەی دیاریکراویان.

ئاماژەی بۆوشدا، پڕۆژەکان بریتین لە دامەزراندنی ژمارەیەک وەستگەی نوێی بەرهەمهێنانی کارەبا، جێگیرکردنی فیدەری کارەبایی و دابینکردنی چەندین محاویلەی کارەبا.

ئەوەشی خستەڕوو، لەگەڵ جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا هەوڵی زیادکردنی ژمارەیەک کێگای تایبەت بە کەرەستەی کارەبایی و چاکردنەوەی ئامێرەکان دەدەین، تا بتوانین لە ئێگری دروستبوونی هەر کێشەیەکدا بە زووترین کات چارەسەر بکرێن.